## تەرزە رزگار

### یاریزانی باڵەی یانەی سیروانی شارەزوور:

# یاریزانانی کوردستان و راهێنەرەکانیان هیچیان لە بیانییەکان کەمتر نییە



**تیپی باڵەی کچانی یانەی سیروانی شارەزوور یەکێکە لەو تیپانەی کە لە دەڤەرەکەیان گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدەن، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی باڵە لە سنووری دەڤەری شارەزوور تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە، لە خولی باڵەی کوردستان کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات، تەرزە رزگار یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ۱۹۹۳ی دەڤەری شارەزوورە و قوتابیی قۆناخی دووەمی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی - فۆتۆ: شاوەیب سازانی

*** ئاستی یاریی باڵە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بۆ یاریی باڵە ئافرەتان لە چاو ساڵانی پێشوو ئاستێکی باشتر پێشکەش دەکەن، بۆیە لە ئێستادا لە جاران باشترە.

*** ئایا کەمیی پاڵەوانێتی ئێوە لەم یارییە سارد ناکاتەوە؟**

-ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی هۆکارێکە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە، بەڵام بەداخەوە کە ئەنجامنەدانی خول و پاڵەوانێتی بۆتە هۆی ساردبوونەوەی یاریزانان لە مەشق و راهێنان، ئەوەش زیان بە وەرزشکاران دەگەیەنێت.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

-پێم باشە ساڵانە خول و پاڵەوانێتی بکرێتەوە و گرنگی بە تیپەکانی کچان بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن ئاستێکی باش پێشکەش بکەن.



*** گرفتی یاریی بالە لە چیدا دەبینی؟**

-نەك هەر یاریی بالە، بەڵکو سەرجەم یارییەکان لە کوردستان گرفتیان هەیە، گرفتی سەرجەم یارییەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی ماددی کە ساپۆرت ناکرێن.

*** وەك کچە یاریزانێك لە ژیانی وەرزشیت بەهیوای چیت؟**

-وەك کچە یاریزانێك بەهیوای ئەوەم لە داهاتوودا ببمە ڕاهێنەرێکی بەتوانا یان ناوبژیوانێکی بەتوانا لەم یارییە بۆ ئەوەی خزمەتی وەرزش بکەم.

***ئایا لەگەڵ ئەوەیت کە یانەکان پشت بە یاریزان و ڕاهێنەری بیانی ببەستن؟**

-نەخێر، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەنیم یانەکان پشت بە یاریزان و ڕاهێنەری بیانی ببەستن، چونکە یاریزانانی کوردستان و ڕاهێنەرەکانیان هیچیان لە بیانییەکان کەمتر نییە، بگرە ئەگەر پشتگیری و هاوکاریی باشیان هەبێت، ئاستی زۆر باشتریش پیشکەش دەکەن.

***بۆچی یانەی سیروانت هەڵبژارد؟**

-لە بەر ئەوەی تاکە یانەیە لە سنووری شارەزوور، سوپاس بۆ خوای گەورە ئاستێکی باشی هەیە.

***داواکاریت لەبەرپرسانی وەرزشی چییە؟**

- داوا لە بەرپرسانی وەرزشی دەکەم هاوکاریی یاریزانان و یانەکان بکەن، بۆ ئەوەی لە کوردستان وەرزش بەرەوپێش بڕوات، خول و پاڵەوانێتی بەردەوام بکەنەوە بۆ ئەوەی یاریزانەکان لەو یارییەی کە هەڵیانبژاردووە، دڵسار نەبنەوە.

***خەونی وەرزشیت وەکو یاریزانێك چییە؟**

-خەونی من ئەوەیە بگەمە هەڵبژاردەی عێراق و لە ئاست یاریزانانی بیانی یاری بکەم.

*** لە چ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-سەرەتای دەستپێکردنی یاریم کە لە ساڵی ٢٠٠٩بوو، یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گرێبەستی پێشکەش کردم، بەڵام بەهۆی چەند هۆکارێکەوە نەمتوانی گرێبەستیان لەگەڵ بکەم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی بۆ گۆڤاری گولان کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات و هەموو کات لە خەمی وەرزشدا بوون.

# كريستيانۆ ڕۆنالدۆ بێ تاوان دەرچوو

كريستيانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پۆرتوگالی یانەی یۆڤانتۆس لە بەرانبەر تۆمەتی دەستدرێژیکردن بێ تاوان دەرچوو.

دوا ئەوەی ڕۆناڵدۆ لە لایەن خانمە نمایيشکاری ئەمریکی کاسرین مایۆرگا سکاڵای لەسەر تۆمارکرابوو بە تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی، پۆلیسی لاس ڤێگاس بەياننامەیەکی بڵاوکردووە و تێيدا ئاشکرای کردووە، دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد، دەرکەوتووە، کە هیچ بەڵگەیەکی ڕاستی نییە، بیسەلمێنێت کریستیانۆ لە ساڵی ٢٠٠٩ـەوە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر مایۆرگا ئەنجامدابێت،

هاوکات لە بەڵگەنامەکانی پۆلیس هاتووە، کریس وەڵامی هیچ تەلەفۆنێك و نامە و ئیمەیلەکی کەسی ئەو خانمە ئەمریکیەکەی نەداوەتەوە و ئەمەش ئەستۆپاکی کریستانۆ ڕۆناڵدۆی یاریزانی یۆڤانتۆسی نیشانداوە.

پێشتر میدیاکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کریستیانۆ لە شاری لاس ڤیگاسی ئەمریکا لە ٢٠٠٩ چۆتە یانەیەکی شەوانە و داوای لە خانمێك کردووە بە ناوی (کاسرین مایۆرگا) تا سەمای لەگەڵ بکات و پاشان دەستدرێژی سێکسی کردۆتە سەر.





# پاریس سانت جێرمان بەهرەمەندێکی لە چەنگی بەرشلۆنە دەرهێنا

یانەی پاریس سانت جێرمان بەشێوەی فەرمی گرێبەستی لەگەڵ بەهرەمەندێکی یانەی بەرشلۆنە واژۆ کرد بە ناوی چاڤی سیمۆنز، کە یاریزانی هێڵی ناوەندە و هۆڵەندییە.
یانەی پاریس سانت جێرمان لە ماڵپەری فەرمی خۆی بڵاویکردەوە: یاریزانی چاڤی سیمۆنزی تەمەن ١٦ ساڵ، گرێبەستی تاوەکو هاوینی ٢٠٢٢ لەگەڵ یانەی پاریس واژۆ کرد.
تاوەکو ئێستا یانەی پاریس بەهای گرێبەستەکەی سیمۆنزی هۆڵەندیی ئاشکرا نەکردووە، بەڵام بە گوێرەی سەرچاوە رۆژنامەوانییەکان گرێبەستەکەی پاریس بەرزتر بووە وەک لە ئەو گرێبەستەی بەرشلۆنە، کە ئامادەیی نیشاندا ساڵانە ٢٠٠ هەزار یۆرۆ بە یاریزانی ناوبراو بدات، تاوەکو لە یانە کەتەلۆنییەکە بمێنێتەوە.
چاڤی سیمۆنز، کە بە چاڤی نوێ نێوزەند دەکرێت، لە تەمەنی ٨ ساڵییەوە لە ئەکادیمیای لاماسیا یاری دەکات، پێش ئەوەی یانە کەتەلۆنییەکە جێبهێڵێت، کاپتنی لاماسیا بوو، بەڵام بەڕێوەبەری کارەکانی سیمۆنز، مینیۆ رایۆلایە، کە ساڵانێکە لە ناکۆکییەکی قوڵدایە لەگەڵ ئیدارەی بەرشلۆنە.



# یاریزانێک ریال مەدریدی جێهێشت



دانی سێبایۆس لە ریال مەدرید دەڕوات و بەفەرمی دەبێتە یاریزانی ئەرسنالی ئینگلیزی .
رۆژنامەکانی ئیسپانیا بڵاویانکردووە، دانی سێبایۆسی یاریزانی ئیسپانی بە خواستن بۆ ماوەی وەرزێک پەیوەندی بە ریزەکانی ئەرسناڵ دەکات.
زیدانی راهێنەری ریاڵ سێبایۆسی خستووەتە دەرەوەی پلانەکانی وەرزی داهاتووی بۆیە بە خواستن بۆ وەرزی داهاتوو بەڕێی دەکات، بەڵآم راهێنەرە فەرەنسییەکە ئامادە نییە بەیەکجاریی دەستبەرداری ئەو یاریزانە ئیسپانییە بێت، بۆیە ریال مەدرید بڕیاری داوە تەنیا بۆ ماوەی وەرزێک بە ئەرسناڵی بدات و هاوینی داهاتوو بیگەڕێنێتەوە ریزەکانی.
سیبایۆسی تەمەن ٢٢ ساڵان دوو ساڵ لەمەوبەر لە ریال بیتیسەوە بە ١٦ ملیۆن یۆرۆ پەیوەندی بە ریزەکانی ریال مەدرید کرد، لەگەڵ مەدرید بەشداریی ٥٦ یاری کردووە ٥ گۆڵ و ٢ ئاسیستی تۆمار کردووە، لە زۆربەی یارییەکانیش وەك یاریزانی یەدەگ بەشداریی کردووە.



# فلیپی گەرایەوە وەڵاتەکەی

بە فەرمی فلیپی لویسی بەرگریکاری بەرازیلی گەڕایەوە وڵاتەکەی.
لویس چەند هەفتەی رابردوو لەلایەن یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید رێزی لێگیرا دوای ئەوەی بە فەرمی رایگەیاند بۆ وەرزی داهاتوو ریزەکانی یانەکەی جێدەهێڵێت.
بەرگریکارە بەرازیلییەکە بە شێوەیەکی فەرمی و بە گواستنەوەی ئازاد پەیوەندی بە یانەی فلامینگۆی بەرازیلی کرد.
لویسی ٣٣ ساڵان ٢٤٠ یاری لەگەڵ ئەتلەتیکۆ مەدرید ئەنجامداوە و ٩ گۆڵیشی تۆمارکردووە، پێشتریش لە یانەکانی، فیورێنسی، ئەیاکس، رێنتیستاس، دیڤۆرتیڤۆ لاکرۆنیا و چێڵسی یاریکردووە.



# دامەچییەکانی کوردستان بەشداریی دوو پاڵەوانێتی نێودەوڵەتییان کرد

لە درێژەی بەشداریکردنەکانیان لە چالاکی و پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکان، تیپی دامەی کوردستان بە بەشداریی ژمارەیەك لە یاریزانانی شاری هەولێر لە هەردوو وڵاتانی لوبنان و ئێران بەشدارییان لە دوو پاڵەوانێتیدا کرد، تیپی (کۆمەڵەی دامەچییەکانی کوردستان) کە پێکهاتبوو لە شەش یاریزانی شاری هەولێر، لە هەردوو چالاکییەکەدا نوێنەرایەتیی تیپی کوردستانیان دەکرد، لەم پاڵەوانێتییەشدا هەریەك لە هەڵبژاردەکانی دامەی وڵاتانی (تورکیا، ئێران، لوبنان، کوێت، قەتەر) بەشدارییان کردبوو، لە بارەی بەشداریکردنیان لەم دوو پاڵەوانێتییە، مامۆستا تەها بەڕێوەبەر و راهێنەری تیپی دامەچییەکانی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لەم دوو چالاکییە نێودەوڵەتییەدا لە هەردوو وڵاتی لوبنان و ئێران بە بەشداریی هەریەك لە یاریزانان (نزار ناسح، مەسعود قەساب، سەیدمەحمود، رێباز ناسح، مامۆستا تەها، نەوزاد ئەسعەد، سەردەشت تەها) بەشداریمان کرد و دواین پاڵەوانیەیتمان لە وولاتی ئێران بوو، یاریزانانی کوردستان توانییان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و چەندین ئەنجامی باشمان بەدەستهێناوە، وەکو تیپ و یاریزانان، ئەنجامەکانمان جێگای دڵخۆشییە و دەتوانین لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو ئەنجامی گەورەتر بەدەستهبێنین، تاکە یاریزانی پاڵەوانێتییەکەش یاریزان نزار ناسح بوو لە هەڵبژاردەی کوردستان، کە وەکو پاڵەوانێکی نێودەوڵەتی بەدەرکەوت، ئەنجامی یاریزانانیش بەم شێوەیە بوو:

١-نزار ناسح پلەی یەکەم
٢-مامۆستا تەها پلەی پێنجەم
٣-رێباز ناسح پلەی شەشەم
٤-نەوزاد ئەسعەد پلەی حەوتەم



## چارەنووسی یان

هەرچەندە ئەم وەرزە یانەی سۆران شانبەشانی یانەی سۆرانی شاری سلێمانی سەرکەوتنی خۆیان بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان راگەیاند، بەڵام لەم ماوەیەدا دەستەی کارگێڕیی یانەی سۆران تاکو ئێستا نەیتوانیوە هیچ گرێبەست و ئامادەکارییەك بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان بکات، لەم بارەشەوە فەرمان ئیسماعیل بەرپرسی دارایی و کارگێڕیی یانەی وەرزشیی سۆران بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «یانەی سۆران بە گشتی بەردەوامە لە قەیرانەکانی تاکو ئێستا هیچ دەرگایەك لە یانەی سۆران نەکراوەتەوە، بۆیە تا ئێستا نەمانتوانیوە لەم بارودۆخە هیچ کارێك بکەین»، گوتیشی: «ئێمە تاکە یانەین لە هەموو کوردستان کە یاریگامان



# باڵەی ئافرەتانی هەولێر چاویان لە ئەنجامە

دەستەی کارگێڕیی یانەی ئەفرەتانی هەولێر بەردەوامن لە دروستکردنی تیپە جۆراوجۆرەکان لە یانەکەیان، بەئامانجی زیاتر خزمەتکردنی کچە وەرزشکارانی شاری هەولێر بۆ ئەوەی بتوانن بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێی سەرجەم خول و پاڵەوانێتییەکان بکەن و ناوی هەولێریش لە خولەکان زیاتر بەرز بکەنەوە، لە ئێستادا ماوەی چەند هەفتەیەکە یانەکە بڕیاری دروستکردنی تیپی باڵەی کچانی یانەکەی داوە و راهێنەری بۆ دەستنیشان کردوە، لەم بارەشەوە رازاو کەریم سەرۆکی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ماوەیەکە تیپی باڵەی کچانمان دروست کردوە، کە سەرجەم یاریزانانی تیپەکە دانیشتوی شاری هەولێرن، ئێستا تیپەکە خەریکی مەشق و ئامادەکارییە بۆ بەشداریکردن لە خولەکان»، گوتیشی: «سەرجەم یاریزانان گرێبەستی دووساڵیان لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر هەیە، کاپتن نەوزاد شێرزاد وەکو راهێنەری تیپی باڵەی کچان دەستبەکار بووە، دەمانەوێ بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکەین و ناوی هەولێر و یانەکەشمان بەرز بکەینەوە، ئامانجی ئێمە خزمەتکردنی وەرزشی کچانە لە شاری هەولێر، لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین بۆ خزمەتکردن بە وەرزشی کچان و دروستکردنی تیپی زیاتر، ئەوەی لە توانامانداد بێت، بۆ باشترکردنی رەوشی ئافرەتان لە یانەکەمان ئەنجامی دەدەین».



## ــــــەی سۆران نادیارە

نییە، کێشەی هەرە سەرکیمان نەبوونی یاریگایە، جگە لە نەبوونی سەرچاوەی داهات، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات یانەی سۆران لە دووڕیانی نادیار دایە، بۆیە ئێمەش لە گەڕان بۆ دابینکردنی سەرچاوەیەك بەردەوام دەبین، بۆ یاریگای ناوبازاریش تاکو ئێستا چەندین لێژنە هاتووە، هیچ کارێك نەکراوە، بەهیوای ئەوەین بتوانین چارەسەری گرفتەکانمان بکەین، ئەگەر کێشەکانمان بەردەوام بێت و بەرچاو روونیمان دیار نەبێ، زەحمەتە بتوانین بەشداریی خولی نایابی کوردستان بکەین، چونکە ئەگەر پارەت نەبێ و داهاتووت دیار نەبێ و یاریگات نەبێ، ئیدی چ پلانێك دادەنێیت بۆ تیپەکەت، ئێمەش چاوەڕانین بۆ رزگارکردنی یانەی سۆران لە قەیرانەکانی.